# یاسای زمانەکان و دۆخی ئێستای زمانی کوردی

**پ. ی. د. دارا حەمید محەمەد**
**زانکۆی گەرمیان ، کۆلێژی پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

**گرفتی توێژینەوەکە :**

زمان یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی بویادی نەتەوە هەر زمانیش پارێزەرو هۆکارێکی گرنگی مانەوەی نەتەوەیە ، زمان هەڵگری ئەزموون و دونیابینی و کلتور و مەعریفەی تاکەکانی نەتەوەیە ، پاراستنی زمان کە هاوکات پاراستنی کیانی نەتەوەییە پێویستی بەیاسایە ، واتە دەکرێ یاسا هۆکاری زمانپارێزی بێت ، میللەتان زۆر لەمێژە درکیان بەگرنگی یاسای زمان کردووە و کاریان بۆکردووە ، ئەفسوس ئێمەی کورد تا ئێستا لە ماهییەت و بەهای زمان و یاسای زمان نەگەیشتووین بۆیە دەبینین ، دوای ٢٦ ساڵ لە حوکومڕانی ئێستاش خاوەنی یاسایەکی پوخت و تۆکمەی زمان نین ، کە ببێتە مایەی پاراستنی زمانەکەمان ، هەربۆیە ئێمە ئەمە وەك گرفتێك لە زمانەکەماندا دەبینین ، بەچارەسەرکردنی دەکرێت گەلێك لە ئارێشە زمانەوانییەکانی زمانەکەمان چارەسەربکرێت و ئاستەنگەکانی پێش بەستانداربوونی زمانی کوردی کەمببنەوە . ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆتیشك خستنەسەر گرفتی یاسای زمان و خستنەڕووی گرنگی و بەهای یاسای زمان و هەنگاوەکان و شێوازەکانی داڕشتنی یاسای زمان .

**<u>پێشەکی</u> :**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (یاسای زمانەکان و دۆخی ئێستای زمانی کوردی)ەوەیە ، تایبەتە بە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان و شێواز و مەرجەکانی داڕشتنی ئەو یاسایانە . بەوپێیەی توێژینەوەکە تایبەتە بە دۆخی هەنوکەیی ئەو زمانانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەن بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی بە پێویست زانرا . لەوسۆنگەیەوەش کە یاسای زمان گرفتێکی دیار و بەرچاوی زمانەکەمانە و تا ئێستا نەك هەر چارەسەرنەکراوە بەڵکو توێژینەوەیەکی ئەوتۆشی لەبارەوە نەکراوە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

، ئومێد ئەکەین ئەم توێژینەوەیە بەهاو بایەخێکی زمانیی باشی هەبێت . توێژینەوەکەش بە زاری ناوەڕاست ئەنجامدراوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر ئەم پێشەکییە و سێ تەوەردا . بەم شێوەیە :

تەوەری یەکەم : چەمك و پێناسەی یاسای زمانەکان لە خۆدەگرێت ، بایەخ و بەهای یاسای زمانەکان لایەنێکی تری ئەم تەوەرەیە کە تیشکیخراوەتەسەر .

لە تەوەری دووەمدا : باس لە سیاسەتی زمان و پلانی زمان کراوە وەك دوو فاکتەری گرنگ و هەنگاوی پێویستی پێش داڕشتنی یاسای زمان .

تەوەری سێیەم باس لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و هەڵسەنگاندنی ئەو یاسایە و دۆخی ئێستای زمانی کوردی شرۆڤە دەکات .

لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتوین خراونەتەڕوو، دواتر ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوانەکراوە ، کە بەکارهێنراوە ، لەگەڵ خستنەڕووی پوختەیەکی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عارەبی و ئینگلیزی .

## تەوەری یەکەم : چەمك و پێناسەی یاسای زمانەکان:

یاسای زمانەکان ، بریتییە لە بەفەرمی کردنی زمانێك یان چەند زمانێك لە دەوڵەتێك یان هەرێمێك و سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا . بەمەش یاسای زمان پێویستییەکی گرنگی زمانەکان دەبێت ، بەبێبوونی یاسای زمانەکان ، دۆخێکی ئاڵۆز لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و دامودەزگاو ناوەندەکانی خوێندندا ڕوودەدات ، کە دواتر بە زیانی زمانەکان لەو سنورە جوگرافییەدا دەشکێتەوە ، چونکە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی یاسای زمان پاراستنی زمانەکانە .

### ئامانجەکانی یاسای زمانەکان :

١- پاراستنی زمانەکان لە هەر هەڕەشە و مەترسییەك . وەك بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی ، چونکە هەر هەڕەشەیەك بۆسەر زمان هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشیی نەتەوەیی .

دەتوانین ئەو بۆچوونە لەشێوەی هاوکێشەیەکدا بخەینەڕوو :

**یاسای زمانەکان = ئاسایشی زمان**

**ئاسایشی زمان = ئاسایشی نەتەوەیی**

**یاسای زمانەکان = ئاسایشی نەتەوەیی**

٢- بونیادنانی گیانی پێکەوە ژیان و یەکسانی و تەبایی و ڕێز لێکگرتن لەڕێی ڕێز لەزمانی یەکترگرتنەوە **(پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان،٢٠١٣:٤ )**.

٣- گەشەپێدان و پێشخستنی زمانە فەرمییەکان لە کۆمەڵی فرە زماندا و بایەخدان بە زمانە لۆکاڵییەکان لەسنووری بەکارهێنەرانی خۆیاندا .

٤- بلاّوکردنەوەی هۆشیاری زمانی و ئاشناکردنی خەڵك بە بەها و ماهییەتی زمانەکان ، چ زمانە فەرمییەکان بێت یان ئەو زمانە لۆکاڵییانەی لە سنورێکی دیاریکراودا ڕێژەی قسەپێکەرانیان زۆرن .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥- گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ ئەو زمانانەی کە بن دەستبوون و دژایەتی کراون ، بێگومان پێچەوانەکەشی لە دەسەڵاتە شۆڤێنییەکاندا ڕاستە .

**زمانی فەرمی :**

زمانی فەرمی ئەو زمانەیە ، کە دەوڵەت یان هەرێمێك لەسنورێکی جوگرافی دیاریکراودا لە بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمی و ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن و نوسینی سەر دراو پول و بەڵگەنامەفەرمییەکان لەناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا بەکاری دەهێنێت . **(دەستوری عێراق ب١، م٤، بڕیاری ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤ )** . یان برتییە لە ((زمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ، زمانی قوتابخانە ، زمانی ڕاگەیاندن ،)) **(لویس جان کالفی، ٢٠١٢ : ٢٨٤ )** .

زمانی فەرمی بەو زمانە دەوترێت ، کە پاڵپشتێکی یاسای هەیە لە دەوڵەتێك یان قەوارەیەکی سیاسی یان جوگرافی دیاریکراودا ، هاوکات ئەو زمانە زمانی فەرمی حکومەت و کاروباری فەرمی ئەو دەوڵەت و قەوارە سیاسییەیە .(ویکبیدیا ، **https://ar.wikipedia.org/wiki/** ) .

دەکرێت ، زمانی فەرمی لە زمانی ستانداردەوە سەرچاوە بگرێت و دەوڵەت لەڕێی دامودەزگا فەرمی و ناوەندەکانی خوێندنەوە بیسەپێنێت **(د. رەفیق سابیر ، ٢٠٠٨ :١١٢ )** . پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ، کە ئەو هەنگاوە بەپێی یاسادەبێت و ئەو زمانە بە زمانی فەرمی دەناسرێت ، لەهەمان کاتدا نابێت زمانی کەمە نەتەوەکانی تری ئەو دەوڵەتە یان قەوارە سیاسییە لە یاساکەدا فەراموش بکرێت .

بەلای( پ. د. محمد مەعروف )ەوە زمانی فەرمی لەکایەی زمانی نەتەوایەتییەوە هەڵدقوڵێ و بۆئەوەی زمانێك یان زارێك خەسڵەتی فەرمی وەربگرێت پێویستە چەند مەرجێکی تێدا بێت ، گرنگترینیان هەبوونی کۆدەنگییە لەسەرئەو زمانە وەك زمانی فەرمی و ناساندنی ئەو زمانەیە بەزمانی فەرمی لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە .( **پ.د. محمد مەعروف ،٢٠١٠ : ٣٥٨** ) .

زمانی فەرمی ((زمانی ڕەسمی شێوەیەکی تری زمانی ستاندەرە ، لەڕووی سیاسییەوە زمانحاڵی دەوڵەت یان حکومەتە ، حکومەت بەوە دەناسرێت ، کە سرودی نیشتیمانی و ئاڵای نیشتیمانی و هەروەها زمانی ڕەسمی هەبێت )) . **(سەلام ناوخۆش ،٢٠١٦ : ٢١٥ )** .

یان ئەو زمانەیە کە ((حکومەت لە نامەناردن و بەڵگە نامە و تۆمارنامە و مامەڵەی نێو دامودەزگاکانی حکومەت و بواری خوێندن کاری پێدەکات و لەگەڵ زمانی باوی وڵاتەکە یەك دەگرێتەوە.... بەڵام پەیوەندی بە زمانی بەکارهێنراوی گەلەوە نەبێت )) **(د. نەریمان خۆشناو ،٢٠١٣ :٢٥ )** .

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا و بەلای هەندێ لە زمانەوانانەوە زمانی ستاندارد و زمانی دەستووری هەمانشتن وەك یەك سەیردەکرێن و ، بەلام بەپێی بۆچونی د. محەمەد مەحوی زمانی ستاندارد و زمانی دەستووری لێك جیاوازن (مەنامە ، ٢٠١٦ :٢٥ ) .

یاسای زمانەکان بەو پێودەنگە بەفەرمی ناساندن و پاراستنی زمانێك یان چەندزمانێك و هۆکاریکە بۆ پێکەوە ژیان و ڕێزلێکگرتنی نەتەوەکان لە قەوارەیەکی سیاسی و سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا . یاسای زمان گەڕاندنەوەی شکۆیە بۆزمان .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەکرێت ئەو زمانەی بە فلتەری یاسادا تێدەپەڕێت و خەسڵەتی فەرمێتی وەردەگرێت لە زمانی نەتەوەییەوە سەرچاوەیگرتبێت و کۆدەنگییەکی لەسەربێت . پاڵپشتی یاسایی هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی ئەو زمانە بێتە زمانی فەرمی کاروباری دەوڵەت و بەڕێوەبردن لەپاڵ زمانی لۆکاڵی بۆ کەمە نەتەوەییەکان ، هەروەها دەبێتە زمانی ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن و ڕاگەیاندن .

یاسای زمان زەمینە ڕەخساندنە بۆ یەکگرتنی زار و شێوەزارەکان لە کایەی زمانێکی فەرمیدا کە گوزراشت لە سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵ بکات ، بەم شێوەیەش ئەو هەنگاوە ڕێگردەبێت لەوەی زارێك یان شێوەزارێك ببێتە زمانی بالاَ و فەرمی و زاروشێوەزارەکانیتر بن دەستبن . کەئەمە یەکێکە لەئاستەنگەکانی پێش دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی .

تەوەری دووەم : **سیاسەتی زمان :**

دارشتنی یاسای زمان بە بێشرۆڤەکردن و لێکدانەوەی هەردوو لایەنی سیاسەتی زمان و پلانی زمانی پرۆژەیەکی ناتەندروست بۆ دارشتنی یاسای زمان بەرهەمدێنێت ، لەم سۆنگەیەوە بەپێویستی دەزانین بەکورتی هەردوو بابەتی سیاسەتی زمان و پلانی زمان بخەینەڕوو .

هەرچەندە سیاسەتی زمان دوورونزیك پەیوەندی بە سیاسەتەوەنییە وەك ( political) بەلاَم بەداخەوە لە کوردستاندا بابەتی زمان و یاسای زمان بەتەواوی بەسیاسەتکراوە ، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی دروستکردووە .

لەڕووی زانستییەوە چەمکی سیاسەتی زمان ، برتییە ( لەسەرتاپای ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر لەبواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەلاَیەتی ، بەتایبەتی لەنێوان زمان و ژیان لەکۆمەڵدا ،(لویس جان کالفی ،٢٠١٢ : ١٥٢ ) . بەوپێودەنگە سیاسەتی زمان لە شێوازەکانی فەراهەمکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت ، گەشەکردنی زمان ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە بوونی سیاسەتی دروستی زمان و پلانێکی(plan )تۆکمە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە . لەم ڕووەوە سیاسەتی زمانیی کورد تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونە زانستییە یە ئەوتا پەیوەندی زمان بەکۆمەڵەوە لەڕەگەوە دەپچڕێنین بەو بڕیارە نازانستییانەی لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە دەردەچێت .

گرنگیدانی زۆر و بەخشینی ماف پێشینەیی(ئەولەوییەت) بەو زمانەی سیاسەتی بۆ دارێژراوە ، یەکخستن و پاراستنی وشە و زاراوە راهێنانی منداڵ و گەنجان لەسەر شانازیکردن بە زمانەکەیانەوە بەلای زمانەوانی ئەمریکایی(ئینار هۆگن) ەوە لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی زمانن . (ملیکە النوی، ٢٠١٢: ١٢ )، هەر ئەو ئامانجانەش دەچنە خانەی پلانی ستراتیجی نەتەوەییەوە .

لە کۆمەڵی فرە زماندا دەکرێت سیاسەتی زمان چەندین ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنیشی لەپشتەوە بێت ، لەوانە :

١- خزمەتکردنی زمانی سەردەست و پشتیوانیکردن و گەشەپێدان و بوژاندنەوەی .لاوازکردن و کۆسپ و تەگەرە خستنە پێش گەشەکردنی زمانی بن دەست (**تاریق جامباز** ،٢٠١٤ : ٧ ).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢- سڕینەوەی زمانی بن دەست و سەپاندنی زمانی سەردەست بەسەر قسەپێکەرانی ئەو زمانەدا ، واتە جێگرتنەوەی زمانی بن دەست وەك زمانی عەرەبی کە بووە بەجێگرەوەی زمانەکانی کەنعانی و فینیقی و قیبتی ...تد .

سیاسەتی زمان بابەتێکی گشتگیر و فرەڕەهەندە ، بوارەکانی شارستانی و پێناس و سیاسەت و ئابووری دەگرێتەوە ،(**عبدالقادر الفاسی** ،٢٠١٣: ١٨٥ ) بەپێی ئەو بۆچوونە هەلأوێردکردنی سیاسەتی زمان لە ڕەهەندەکانی پێکهاتە و ستراکتوری نەتەوە و کلتووری ، شارستانی ، پێناسی نەتەوەیی و ئابووری سیاسەتێکی نەزۆك دەبێت و ، دەرئەنجامێکی سەرکەوتوی نابێت ، چونکە زمان وابەستە و هەڵقولأوی ئەو ڕەهەندانەیە ، کە ئاماژەیان بۆکرا .

<u>پلانی زمان :</u>

هەنگاوی دووەم دوای داڕشتنی سیاسەتی زمان پلانی زمانە واتە قۆناغی کارەکیکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانە (پلانی زمان بریتییە لەگەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە .(**لویس جان كالفی** ،٢٠١٢ : ١٥٢ ) ) . پلانی زمان بایەخ بەو کێشانە دەدات کە دەبنە هۆی دواکەوتن یان گەشەنەکردنی زمان ، ئەمەش لەڕێگەی توێژینەوە لەو گرفتانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیان . هەروەها پلانی زمان پێویستە تەریب بێت لەگەڵ گۆڕانە زانستی و کۆمەلأیەتی وسیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژییەکانی سەردەم لە ناوکۆمەڵدا لەبەرئەوەیە پلانی زمان پێویستییەکە و پرۆسەیەکی بەردەوامیشە .

پلانی زمان سەرباری ئەوەی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبەردنی کاروباری ولأت لەسەرجەم دامودەزگاکاندا ، لەهەمانکاتدا هۆکارێکی سەرەکی پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و پاراستنی مافی هاوولأتیبوونە . ( **محمد معروف ١٩٨٦** :١٢٤ )

پلانی زمان بەلای (هۆگن)ی ئەمریکایەوە کردەی نووسین و گەشەپێدانی یان پشتگوێخستنی زمانە لە ناو کۆمەڵی فرەزماندا ( **د. عبداللطیف حنی** ،٢٠١٢ : ٧٧) ). ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پلانی زمان دەکرێ لەپێناو گەشەپێدانی زماندابێ یان بەپێچەوانەوە لەپێناو ڕێگریکردن بێ لەگەشە و پێشکەوتنی زمان بەتایبەتی لە نەتەوە فرە زمانییەکاندا .

یەکێك لە هۆکارەکانی پێویستی پلانی زمان فرە زمانی یان فرەزارییە ، بێگومان لە بوونی فرە نەتەوە و ڕەگەز و پێکهاتەی کۆمەلأیەتی جۆراوجۆرەوە سەرچاوەدەگرێ ، لەبەرئەوەیە پلانی زمان لەو جۆرە کۆمەڵانەدا بەپلەی یەك دەبێتە ئەرکی دەسەلأت بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو فرەزمانی و فرە زارییە بەلەبەرچاوگرتنی مافی زمانیی ئیتنیکی و کەمینەکانیشەوە (**عەبدولوەهاب خالید** ،٢٠١٠: ٨٠ ) .

**جۆرەکانی پلانی زمان :**

توێژینەوەکان دەریانخستووە ، پلانی زمان چەند جۆرێکی هەیە ، دیارترینیان ئەمانەن :

١- پلانی پایە :



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەم جۆرە بایەخ بە زمانێك یان زارێك دەدات لەناو کۆمەڵدا و پایەی ئەو زمانە یان ئەو زارە دەخاتەڕوو ، لەڕێی لێکۆڵینەوە و گۆڕینی ئەرکی ئەو زمانە و دەستنیشانکردنی ماڤ بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو زارە .(**ئازاد عزیز** ، ٢٠١٤ : ٢٠ ) . بوونی کیانێکی سیاسی پێویستییەکە بۆ دروستکردنی شکۆمەندی و پایە بۆ زمان (**سەلام ناوخۆش ٢٠١٠ : ٥٢** ) .

٢- پلانی کۆمەڵ (گروپ) :

ئەم جۆرەی پلانی زمان جەخت لەسەرکاری بەکۆمەڵ دەکات بەمەبەستی بەستانداردکردنی زمانێك یان زارێك لەڕێی پەرەپێدان و گەشەپێدانییەوە ، وەك یەکخستنی نووسین و بەفەرمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەو وشە و زاراوە نوێیانەی دێنە ناو زمان یان لەزمانەکەداهەن و بۆ مەبەست و واتای نوێ بەکاردەهێنرێن .

**شێوازەکانی جێبەجێکردنی پلانی زمان :**

١- پێویستە گرفتی زمان هەبێت ، واتە هەست بەبوونی گرفتی زمان بکرێت ، ئینجا پێویست بە پلان دەکات بۆ پاراستنی زمانەکە ، ئەگەر لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتالی ... وردبینەوە دەبینین تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست وەك زارێکی زمانی لاتینی سەیردەکران کە ئەمە خۆی گرفتە لەزماندا و پێویستی بە پلانە ، و شاعیرانی وەك شکسپیر و دانتی .. بەو کارە هەستان . (**حسین محمد عەزیز** ،٢٠٠٥: ٣٨٥ )

٢- قۆناغی دووەم بریتییە لە بڕیاردان لەسەر داڕشتنی پلانی پێویست بۆ زمان ، ئەمەش بە دیراسەی وردی ئەو زمانەی کە پلانەکەی بۆ دادەڕێژرێت ، چونکە پێویستە هەلومەرجی لەبار هەبێت بۆئەوەی زمانەکە ببێت بە زمانی فەرمی ئەو شوێنەی کە مەبەستە(**لویس جان کالفی** ،٢٠١٢: ١٥٢ ) ، نموونە عارەبەکان لەسەردەمی بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامدا زۆرجار زمانی ئەو شوێنانەی دەچونە ناوی بۆکاروباری فەرمی بەکاردەهێنا ، چونکە زمانی عارەبی زمانی کارگێڕی نەبوو، تا زمانی عارەبی هەلومەرجی تەواوی کارگێڕی بۆڕەخسا ئیتر جێی زمانە بن دەستەکانی دەگرتەوە .

٣- کۆتا قۆناغی پلانی زمان جێبەجێکردنی پلانەکەیە لەڕێی بڕیارێکی سیاسییەوە ، بەدەرکردنی یاسای زمان و کارکردن بۆ ئەوەی ئەو زمانە ببێتە بەشێك لە هزر و بیری تاکەکانی ئەو نەتەوەیە و بەبەشێك لەئاسایشی نەتەوەییانی بزانن .(**تاریق جامباز** ،٢٩١: ٢٠١٢) .

**<u>تەوەری سێیەم : دۆخی ئێستای زمانی کوردی :</u>**

پەیوەست بە زمانی کوردی ، ئەوا ئەو یاسایانەی زمان کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەچوون ، هیچیان لەڕووی کردەییەوە لەبەرژەوەندی زمانی کوردی نەبوون ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو یاسایانە لەبارودۆخێکی ناهەمواری ناوچەکە و بەبێ سیاسەتی زمان و پلانی زمان داڕێژراون ، زۆرجاریش بەبڕیارێك بەبێگەڕانەوە بۆ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەرلەمان و بۆ چەواشەکاری هەندێ باسی زمانی کوردی کراوە ( **نەریمان خۆشناو ،٢٠١٣: ٢٣٠** )گەر سیاسەت و پلانی زمانیش هەبووبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لەجۆری نەرێنی بووە بۆ زمانی کوردی ، بۆنمونە :

١- لەساڵی ١٩٢٥ یەکەم دەستوری عێراق پەسەندکرا لەم دەستورەدا زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی عێراق دانراوە و بەهیچ شێوەیەك باسی زمانی کوردی نەکراوە .

٢- بەپێی یاسای ژمارە (٧٤) لە ساڵی ١٩٣١ و لەژێر فشاری بەریتانیا بۆئەوەی عێراق ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی گەلان ، دەوڵەتی عێراق ناچاربوو دان بە زمانی کوردیدا بنێت بەڵام تەنها لە هەولێرو سلێمانی ، موسڵ و کەرکوك و خانەقینی نەگرتەوە ، ئەوەی جێی سەرنجە لەو یاسایەدا زمانی کوردی بە زمانی فەرمی نەتەوەیی نەناسێنراوە بەڵکو بە زمانێکی ناوچەیی ناسێنراوە .(**هاوکار جەعفەر** ، ٢٠٠١ : ٨٥ ) .

٣- لە دوای شۆڕی ١٩٥٨ هەندێك دەستکەوت بۆ گەلی کورد و زمانی کوردی هاتەئاراوە ، دانرا بەزمانی کوردی و بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغداکرایەوە بەڵام لە دوای کودەتای ١٩٦٣ و هاتنی بەعسییەکان بۆسەر دەسەڵات و دەرکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شۆڕش یەهیچ شێوەیەك دان بە زمانی کوردی و مافەکانی کورددانەنرا .(**نەریمان خۆشناو ،٢٠١٣ : ٢٤٩** ) .

٤- ترسناکترین قۆناغ بۆ کورد و زمانی کوردی قۆناغی دوای شۆڕشی ١٩٦٨ ی بەعسییەکان بوو سەرباری ئەوەی لەسەرەتاوە هەندێ نەرمی نوێنرا هەندێ مافی باش بۆ زمانی کوردی دەستەبەرکرا وەك (خوێندن بەکوردی ، دەرکردنی بڵاوکراوە ، بەکارهێنانی ناوی کوردی بۆ قوتابخانەکان ...تد ) بەڵام وەك بڕیار نەك بەپێی دەستوور تا ١٩٧٠ کە بەپێی دەستور دان بە زمانی کوردیدا دەنرێت وەك زمانێکی فەرمی ، بەڵام دوای نسکۆ ئیتر بەتەواوەتی دژایەتیکردنی زمانی کوردی بەپێی بەرنامە و ستراتیژی نوێی بەعسبوو . هەموو شێوازەکان بۆ لاوازکردن بگرە لەناوبردنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا ، تا لەساڵی ١٩٨٩ ، بەپێی بڕیاری (٧١) لە ١٩٨٩/٣/١٨ بۆ بەرپرسانی بەعسی هەولێر نێرراوە بەڕاشکاوانە داوادەکات کە هەوڵبدرێت لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٠ ڕێژەی لە ٧٠٪ زمانی کوردی و لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١ ڕێژەی ١٠٠٪ ی زمانی کوردی لەناوببرێت .

ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وردببینەوە ئەوا بارودۆخی زمانی کوردی و خزمەتکردن بە زمانەکەمان لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا لەئاستی پێویستدانەبووە . بەڵکو زمانی کوردی گرفتی زۆری هاتوەتەپێش و ئاستەنگی زۆری بۆدروستکراوە ، هۆکارەکەشی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتی کوردی و ململانێی حزبییەکان کە سستمی ففتی بەففتییان پێڕەوکردو شۆڕپانکردەوە بۆناو سەرجەم کایە و جومگەکانی وڵات بە زمانیشەوە ، ئەو دۆخە لەململانێی سیاسی گوێزرایەوە بۆ ململانێی و شەڕی ساغکردنەوەی زمانی فەرمی لەهەرێمی کوردستاندا .(**کامیار سابیر ،٢٠١٠: ٨٩**) . دیارە ئەم دۆخە ، کە لە نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت نەك خزمەت بە زمانی کوردی ناکات بەڵکو مایەی شکستپێهێنانی زمانی کوردییە .


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەپێی سەرچاوەکان زۆرینەی هەرمزۆری ولآتان لە زمانێك زیاتریان تێدایە بەبەڵگەی ئەوەی زیاتر لە ٦٠٠٠ زمان هەیە کەچی ٢٠٠ ولآت هەن ، بۆیە ئەو زمانانە ئەگەر پلان و ستراتیژی تۆکمەیان نەبێت بۆپاراستنی زمانەکەیان بێشك زمانەکەیان لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندا دەبێت (**تارق جامباز،٢٠١١:ل٣١٥** ) . لەمڕووەوە گەر سەیری هەنگاوەکانی دەسەلآتی کوردی بکەین ئەوە ڕێك لەگەڵ هەنگاوی بوونی هەڕەشەلەسەر زمانەکەمان یەك دەگرێتەوە ، بۆنمونە :

١- بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە بابەتەکانی زانست و بیرکاری لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی کراون بە ئینگلیزی . (ئەو زمانانەی توانایەکی سیاسی و ئابوری زانستییان لەپشتەوە نییە یان بەشدارییەکی جیدی بەرهەمهێنانی زانین و زانست ناکەن ، یان ناتوانن بەشداری ئەو داهێنانە نوێیانەی ڕۆژانە لەبواری زانست و فیکر و زانیندا بکەن بەناچاری لەبەردەم زمانێکی بەهێزتردا پاشەکشەدەکەن ) . ( **د. روفیق سابیر ،٢٠٠٨ :١١٠** ) . بەهۆی ئەوەی ناتوانن ببن بەسەرچاوەی بابەتی زانستی تەنها وەك زمانێکی لۆکاڵی داخرا و دەمێننەوە و سەرئەنجام بەرەو لەناوچوون دەچن .

٢- ئەزموونی گەلان ئەوەمان پێدەڵێن ئەگەرهەر کۆمەڵێك نەتەوەیەك سیاسەتێکی دووربین نەبن و پلانێکی تۆکمە بۆ زمانەکەیان دانەڕێژن کە ببنە سەرچاوەی سەرەکیی یاسای زمانەکیان ئەوا بەدڵنیاییەوە زمانەکان لەلێواری مەرگدادەبێت بەتایبەتی لەم سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیایە بۆنمونە زمانی سێربۆکەروات زمانی هەموو یۆگسلافییەکان بوو کە لەچەند نەتەوەیەك پێك هابوون . وەك: (سیرب ، کەروات ، بۆسنی مۆنتینێگرینی ) . بەلآم لەسەرتاکانی سالآنی (٩٠)دا و لەکاتی شەڕی ناوخۆی ئەو ولآتەدا هەریەکێك لەوگروپانە بەشێوەیەکی ناسروشتی کەوتنە هاندانی زارەکانیان (د. رەفیق سابیر ، ٢٠٠٨ :١١٣ ) . ، ئەنجام زاری سێربۆکەروات لەبەریــەك هەڵوەشایەوە و ، ولآتەکەش دابەش بوو .زمانگەلێکی زۆر هەن کە ئەمڕۆ جیاوازن و هەریەکێکیان زمانێکی سەربەخۆن ، هەریەکە و سەر بەنەتەوەیەکن ، بەلآم لەبنەڕەتدا ئەو زمانانە دیالێکتی جیاوازی یەك زمان بوونە ، بەئێستاشەوە جیاوازییەکانیان هەرگیز ناگاتە جیاوازی نێوان زارەکوردییەکان . بۆنموونە : زمانەکانی نەرویژ و سوید ، بولگاری و مەکدۆنی ، روسی و ئۆکرانی ....تد( هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ) .

ئینجا ئەگەر ئێستا بەراوردێکی دۆخی ئێستای کوردستان و زمانی کوردی لەگەڵ دۆخی کۆتایی هەشتاکانی ئەو زمانانە بکەین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت زمانەکەمان چ هەڕەشەیەکی لەسەرە لەسایەی نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون بۆ داڕشتنی یاسای زمانی کوردی ، لە دەورانی دەسەلآتی کوردیدا .

٣- یاسای زمانی ژمارە ١٦ لە ٢٠١٤ دەرچووە و پەرلەمان دەنگی لەسەرداوە و سەرۆکایەتی هەرێمیش پەسەندیکردووە بەلآم لەبەرئەوەی ئەو یاسایە بەپێی پرەنسیپەکانی یاسای زمانەکان دانەڕێژراوە و پێشوەخت زەمینەسازی لەڕووی سیاسەتی زمان و پلانی زمانەوەبۆنەکراوە ، بۆیە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەبینین تەنها وەك مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر بەمردوویی لەدایکبووە .

ئەنجامەکان :

١- یاسای زمان پێویستییەکی پڕبەهای زمانە باشترین شێوازی پاراستن و گەشەکردنی زمانە ، هاوکات هۆکارێکە بۆ پاراستنی زمانی کەمەنەتەوایەتیەکانی قەوارەیەکی سیاسی و سنورێکی جوگرافی دیاریکراو .

٢- بەرلە داڕشتنی یاسای زمانەکان لە هەر وڵاتێك یان دەوڵەتێکدا پێویستە زەمینەی لەبار و گونجاو بڕەخسێنرێت و سیاسەتی زمان وپلانی زمانیی تۆکمە هەبن ئینجا قۆناغی داڕشتنی یاسای زمان دەستپێبکات .

٣- نەبوونی یاسای زمان لەهەر کۆمەڵێکدا هەڕەشەبۆسەر ئەو زمانە دروستدەکات بەڵکو زۆرجار بووەتە هۆی دابەشبوونی زمانەکان و دواتریش دابەشبوونی نەتەوە و دەوڵەتەکانیان . بوونیشی مایەی پاراستنی زمان و شکۆی زمانە .

٤- زمان تەواو تێکەڵی کۆموڵ و کلتورە بۆیە بۆ داڕشتنی یاسای زمان پێویستە ڕەچاوی کلتوری کۆمەڵ و پێکهاتە و ستراکنوری کۆمەڵ بکرێت .

٥- بۆ ناسینی زمانی فەرمی پێویستە جیاوازیوك لە نێوان زمانی فەرمی و زمانی ستاندارد و زمانی نەتەوەیی بکرێت چونکە سەربارەی ئەوەی کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە بەڵام ئەو سێ جۆرەی زمان لێك جیاوازن .

٤- یاسای زمان و خزمەتکردن بە زمان هەندێ لە زمانانی بە زمانە پێشکەوتووەکان ناوزەن کردوە و خانەکانی سەرتایان لە ڕیزبەندی زمانانی جیهانداگرتووە بەداخەوە زمانی کوردی لەو ڕیزبەندەدابوونی نییە ، بەپێی ڕیزبەندی زمانان کە نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەی قسەپێکەرانی کردووە بەپێوەر زمانی کوردی ڕیزبەدی ٦٠ هەمی گرتووە . هەرچەندە ئەو داتایانە تەواو نین چونکە ژمارەی قسەپێکەرانی کوردی بە ٢٠ ملیۆرن لەقەڵەمداوە .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەرچاوەکان :


١- ئازاد عزیز سلێمان ، ، ٢٠١٤ ، ململانێی زمان ، نامەی ماستەر ، ز. سەلاحەددین ، کۆلێجی پەروەردە ، هەولێر .

٢- تاریق جامباز ٢٠١١، ، دەستپێك لەبارەی زمانپارێزی .. ، گۆڤاری ئەکادیمیا ، ژ ١٩ ،هەولێر.

٣- ________ ، ٢٠١٤ ، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان ، هەولێر.

٤- ________و ئەوانیتر ٢٠١٤ ، پرۆژەیاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان ، هەولێر .

٥- حوسێن محمد عزیز ٢٠٠٥ ، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی ، سلێمانی.

٦- د. دارا حمید محمد ، ٢٠١٦ ،. زمانی کوردی لەنێوان سیاسەتی زمان وپلانی زماندا . گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ٥٣ ،

٧- د. رەفیق سابیر ،٢٠٠٨، کولتور و ناسیۆنالیزم ، سلێمانی .

٨- سەلام ناوخۆش ،٢٠١٦ ، ئەفسانە و ئایدۆلۆژیا و زمان ، هەولێر .

٩- __________ ،٢٠١٦ ، ناسیۆنالیزیمی کوردی زمانی کوردی ، هەولێر .

١٠- د. قەیس کاکل ، ٢٠٠٧ ، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان ، هەولێر.

١١- د. عبدالوهاب خالد ٢٠١٠، ،بەرۆ زمانێ دایکێ ، گۆڤاری زمانی دایك ،ژ ١ .

١٢- کامیار سابیر ، ٢٠١٠ / ئەنسۆپۆلۆجیای زمانی کوردیس پۆسێسیی بەستاندەربوونی . سلێمانی .

١٣- لویس جان کالفی ،٢٠١٢ ، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی ، و. بەهادین جەلال ، هەولێر .

١٤- د. محمد معروف فتاح ،٢٠١٠، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ،هەولێر .

١٥- پ. د. محەمەدی مەحوی ، ٢٠١٦ ، مەنامە بەستانداردکردنی زمانی کوردی ، سلێمانی .

١٦- د. نەریمان عەبدولاخۆشناو ،٢٠١٣ ، زمانی ستانداردی کوردی ، هەولێر .

١٧- هاوکار جەعفەرحوسێن ، ٢٠٠١ ، یاسای زمانە ناوچەییەکان لەساڵی ١٩٣٠، گۆزاری ڕۆشنبیری کوردستان ژ (٥) .

١٨- عبدالقادر الفاسي ،٢٠١٣ ، العدالة اللغوية ، الجزائر .

١٩- د. عبداللطيف حني و احمد بناني و اخرون ٢٠١٢، ملتقى التخطيط اللغوي ، ، الجزائر


ماڵپەڕەکان :

/https://ar.wikipedia.org/wiki



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**الملخص**

تعنى هذه الدراسة الموسةمة (قانون اللغات و الوضع الراهن لاللغة الكوردية ) بدراسة اهمية تشريع قانون اللغات كوسيلة رئيسية لحماية اللغات ، ونظرا لتناول الدراسة اللغة الكوردية الحالية فقد اعتمد المنهج الوصفي لاتمامها .

و تتكون البحث من ثلاثة فصول تسبقهم مقدمة :

تناول في الفصل الاول مفهوم قانون اللغات واهميتها

الفصل الثاني تطرق الباحث في هذا الفصل الى السياسة اللغوية و التخطيط اللغوي ودورهم في تشريع قانون اللغات

و خصص الفصل الثالث لدراسة قانون اللغات في العراق بشكل عام و اقليم كوردستان بشكل خاص تقيمهم وتاثيرهم على الوضع الحالي لاللغة الكوردية .

وفي الختام وصل الباحث الى عدد من الاستنتاجات تثبت في اهم نتائج البحث ، يليها قائمة المصادر ، ثم ملخص البحث باللغتين العربية و الانكليزية .



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**Abstract**

This paper studies "The Law of the Languages and the De facto of the Kurdish Language" through studying the importance of enacting the laws of the languages as an essential way for protecting the languages. Because it studies the Kurdish language, it applies the descriptive approach and it is composed of three sections that are preceded by an introduction:

The first section attempts the concept of the law of the languages and its importance; while section two studies the linguistic policy, linguistic plan, and their role in the enacting of the law of the languages. The third section is devoted to the law of languages in Iraq generally and in Kurdistan in particular with their roles upon the current situation of the Kurdish language.

The study reached a number of conclusions that are set down at the end along with a list of references in addition to the English and Arabic translations of the abstract.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)		p-ISSN (2410-1036)